خوێندنەوە

حەمە مەنتک

# کولتوور، ئافرەت، قوربانی لە ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"ی عەتا نەهایی



عەتا نەهایی

له ئەدەبی کوردیدا ژانری رۆمان له دەیەی هەشتاکان قۆناغی دامەزراندنیەتی، له دوای ئەم قۆناغەوه پێشکەوتنێکی زۆر خێرای ئەم ژانره "رۆمان" له ئەدەبی کوردیدا بەدی دەکەین. رۆمانی کوردی هەنگاوەکانی لەگەڵ نوێبوونەوه و پێشکەوتنی رۆمانی گێتی دەهاوێژێ. له ئەدەبی کوردیدا چەندان نموونەی رۆمانی نوێ و پێشکەوتوومان هەیه؛ چەندان رۆماننووسمان هەیه به شێوەیەکی هاوچەرخانه دەنووسن. رۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"ی "عەتا نەهایی" رۆماننووسی رۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێکه لەو رۆمانانەی که چێژ و جوانی و تایبەتمەندی خۆی هەیه. "عەتا نەهایی" چ به چیرۆکەکانی و چ به رۆمانەکانی، توانیویەتی بەو ستایله نوێیەی جێگەی خۆی له ناو ئەدەبی کوردیدا بکاتەوه.

ئەگەر به دوای داهێنانی نوێ بگەرێین بێگومان نموونەمان زۆرن، وەک رۆمانەکانی بەختیار عەلی و عەتا محەمەد و چەندانی تر که تایبەتمەندی ریالیزمی سیحرییان هەیه، که ئەمەش تایبەتمەندیی رۆمانی ئەمەریکای لاتینییه که رۆماننووسان "مارکیز، بۆرخیس، خۆسی سێلا، جۆرج ئەمادۆ، ئەستۆریاس" رابەرین.

ئەم رۆمانەی "عەتا نەهایی" له رووی زمانەوه به زمانێکی پاراوی کوردی رێک و رەوان نووسراوه. ئەگەر سەیری رووداوەکانی ناو رۆمانەکه بکەین دەبینین له واقیعی کۆمەڵگەی کوردی رۆژانه نموونەمان به بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات که کەرەستەکانی گێرانەوه و رووداوەکانی ناو رۆمانەکه شێوەیەکی ریالیزمی بەخۆیەوه گرتووه، بەڵام ریالیزمییەکی هاوچەرخ که گوزارشت له کۆمەڵگەی کوردی دەکات. دەبینین له باکگراوند و خەیاڵ و تێکەڵکردنی دەقی فۆلکلۆری که مامەڵەیەکی هونەرییان لەگەڵ کراوه خۆماڵییانه بەکار هاتوون. بەمەش دەتوانین بڵێین هەرچەند ئێستا باوی رۆمانی ریالیزمی نییه، بەڵام دەتوانرێت جوانترین داهێنانی تێدا بکریت، لەگەڵ رەوتی داهێنان و نوێخوازی بڕوات ئەمەش دەگەرێتەوه بۆ ئەو توانا رۆشنبیری و سەلیقەیەی رۆماننووس هەیەتی.

لەم رۆمانەدا عەتا غەدری ئافرەتانمان پێ دەڵێت له کۆمەڵگەی کوردی، داوونەریتی دواکەوتووی ئەم کۆمەڵگەیەمان پێ دەناسێنێ. پێمان دەڵێت ئافرەت چۆن بووەته قوربانی دەستی نێر جا ئەو نێرەی کۆمەڵگەی کوردی با له پێشکەوتووترین وڵاتی دنیا بژی، چونکه ئەو کەسه نەیتوانیوه خۆی رزگار بکات لەم عەقڵییەته، بەڵام کەسانی یاخی هەن تفیان لەم عەقڵییەته دواکەوتووه کردووه.

ئەم رۆمانه باس له ژیانی کچێک دەکات که ئەویش قوربانییەکی تری کۆمەڵگەی کوردییه. "هەڵاڵە" یەکی یاخی له هەموو یاسایەکی دواکەوتووی ئەم وڵاته هەر زوو "هەڵاڵە" لەگەڵ

گەیشتنی بۆ سوید دەگۆڕێ و لەگەڵ هەموو پێشکەوتن و بیر و فکرێکی نوێی کۆمەڵگەی سوید دەگونجێ، چونکە روحی یاخیبوونی پێشتر هەبووە. "هەلاڵە" کچی بەرپرسێکی کوردە کە لە ناو شۆڕشە دژی رژێمی ولات لە رۆژهەلاتی کوردستان دەردەسەری و ئاوارییەکی زۆر دەبینێ. دەبینین "حەمە رەشید ئاغا" سیمبولی دەسەلاتە لە بنەماڵە لەوێشەوە بۆ کۆمەڵگەکە لە باب و باپیرانییەوە یاسا و رێساکانی داوونەریتی بۆ ماوەتەوە و میراتگری ئەوانە بێگومان دەبێت ئەویش لە دوای خۆی میراتگرێک، یاخۆ قوتابییەکی هەبێت ئەویش "شێرزاد"ە کە لای خۆیەتی و هەموو کات لەگەڵیەتی بۆ فێربوونی یاسا و رێساکانی کۆمەڵگە.

لێرەدا رۆماننووس گێڕەرەوەی سەرەکیی ناو رۆمانەکەیە هەرچەندە مامۆستا "سەعید" کە مامۆستای زانکۆیە دەست دەکات بە نووسینەوەی ژیانی "هەلاڵە" دەوری گێڕەرەوە دەبینێت. ژیانێک کە پڕە لە کوشتنی حەز و ئارەزووەکان، ژیانێک پڕە لە کوشتنی خەونە جوانەکان. هەلاڵەیەک هەر لە منالییەوە دەیەوێت بۆ باوکی بسەلمێنێت کە ئەویش هیچی لە کوڕ کەمتر نییە، هەرچەندە "حەمە رەشید ئاغا" "مەجید"ی هەیە، بەلام ئەو کوڕەی سەر بە پارتێکی ترە یاخۆ بە مانایەکی تر سەر بە ئایدیۆلۆجیایەکی ترە کە هەردەم لەگەڵ باوکی ناکۆکە هەرچەندە هەردووکیان نوێنەری دوو پارتن لە ناو رۆمانەکە کە بۆ مافەکانی میللەتی کورد خەبات دەکەن و کەوتوونەتە ئەم شاخانە، بەلام عەتا پێمان دەڵێت کورد هەردەم لەگەڵ یەک ناکۆک و دوژمنە هەردەم لە ناوەخۆدا خۆخۆرە کەس ئەویتری قبووڵ نییە و هەرکەسە خۆی بە نوێنەری راستەقینەی کورد دەزانێ. بۆ یەکگرتن زۆر لەگەڵ یەک ناحەزن.

لەم رۆمانە مامۆستا "سەعید" چیرۆکی ژیانی "هەلاڵە"مان بۆ دەگێڕێتەوە. چیرۆکی ژیانی"هەلاڵە" چیرۆکی سەرەکیی رۆمانەکەیە لە ناو ئەم چیرۆکەشدا چەندان چیرۆکی تر هەن دەگێڕدرێنەوە، کە بە کوشتنی "هەلاڵە" دەست پێ دەکات وەکو دیمەنێکی تراجیدی لە رۆژنامەکانی سوید دەیان بابەتی لەسەر نووسراوە و بووە بە مانشێتی چەندان رۆژنامە. لە رادیۆکان چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسە نزیکەکانی "هەلاڵە" دەکرێت. ئەو چیرۆکانەی کە لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکە سەرەکییەکە باس دەکرێت زۆرن وەکو ئاوارەبوونی خێزانی "هەلاڵە"، ژیانی شۆڕشگێڕان لە شاخ، چیرۆکی دڵداریی "هەلاڵە" و برایمۆک.

لەم رۆمانە دەبینین گومان پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە. دڵی شێرزادی هاوسەری "هەلاڵە"ی داگیر کردووە. گومان ئەو دەردە کوشندەیەی کە لای زۆربەی تاکی کورد بوونی هەیە. گومان وەکو نەخۆشییەکی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی ژیانی دەیان هەزار تاکی ئەم

کـۆمــەڵگەیەی وێران کــردووە. ئەویش بۆ دواکــەوتوویی و نارۆشنبیری تاکەکان دەگەڕێتەوە پەتایەکی وایە زۆر کەس بەدەستییەوە دەناڵێنن. سەرەنجام کارەساتی جەرگبڕی لێ دەکەوێتەوە وەکو کارەساتی سەرەکیی ناو رۆمانەکە. شێرزاد کە پەروەردەی ناو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە، لە ژێر چاودێری کەسایەتییەکی بە دەسەڵات وانەی داوونەریتەکانی ناو کۆمەڵگە فێر دەبێت و ئەویش وەکو قوتابییەکی گوێڕایەڵ و بە وەفای مامۆستاکەی لەو یاسایانە لانادات و رەچاویان دەکات.

شێرزاد چاودێری هەموو هەڵسوکەوتێکی "هەلاڵە" دەکات و رەتی ئەوە دەکاتەوە کە یاساکانی ئەو وڵاتە جێ بەجێ بکات و تەنانەت باوەڕیشی پێی نییە، چونکە ئەو یاسایانە تەواو پێچەوانە و دژی عەقڵییەت و داوونەریت و فیکرەی کۆمەڵگەی خۆیەتی. هەروەک هەموو جار بۆ "هەلاڵە"ی دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ:«من لەو یاسایە دەرێم».

**لەم رۆمانەدا عەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئافرەت تەنانەت دوای تەڵاق و جیابوونەوەش لەم کولتووورە بەموڵکی پیاو دادەنرێت**

کەسانی وەکو شێرزاد بە شێوەیەک کەوتوونەتە ژێر باری ئەو عەقڵییەتە دواکەوتووە ناتوانن خۆیانی لێ رزگار بکەن. هەرچەندە ئەوان لە وڵاتێک دەژین کە مرۆڤی وەکو ئەو بەو شێوەیە قبووڵ ناکات، تەنانەت کەسێکی وەکو شێرزاد هەر بە عەقڵییەتی کۆمەڵگەی خۆی دەژی پەنا بۆ کارێکی وا گەورە دەبات بە بیرکردنەوەی خۆی شەرەف و نامووسی خۆی دەسێنێتەوە کە هەموو خەڵکی سوید سەرسام دەکات، بەشێوەیەکی دوور لە لۆجیکی لە قەڵەم دەدەن. ئەمە بۆ ئەوان وایە دەنا بۆ وڵاتێکی وەکو ئێمە رەنگە ئاسایی بێت و هەندێک جار دەستخۆشیشی لێ دەکرێت، چونکە رۆژانە چەندان رووداوی لەو جۆرە دەبینین بگرە خراپتر و سەرسوڕهێنەرتریش وەکو شەهیدکردنی "دوعا" پاک کە بەوەحشیترین شێوە شەهیدیان کرد کەسیش نەدرایە دادگا

گوایە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە. رۆژانە دەیان ئافرەت لەم وڵاتەدا بە ناوی کێشەی کۆمەڵایەتی مافی ژیانیان لێ دەسێنرێتەوە و مافیان پێشێل دەکرێت کە فێڵێکی گەورەیە لە خودی ئافرەت دەکرێت و رەوایەتی بەو کارە دەدرێت ئەنجامدەرانی ئەم کارانەش هان دەدات بەو ناوەوە شەرەفیان بسێننەوە.

دەبینین لە گۆڕانی خەونی لاوەکانمان بە هەموو شێوەیەک ئەنجام دەدرێت. بۆ کچ حەرامە خەون ببینێ، چونکە بینینی خەون واتە دروستبوونی ئامانجێک کە مرۆڤیش ئامانجی هەبوو هەوڵی هێنانەدیی دەدات لەم رۆمانە "هەلاڵە" لەگەڵ برایمۆک پێوەندیی خۆشەویستی دەبەستن و لەسەر کانییەک دادەنیشن، کە دواتر دەبێتە جێگەی ژوانیان و ناوی دەنێن "کانی عەشق" لەوێوە لەگەڵ برایمۆک هەوڵی خەونبینین دەدەن بۆ داهاتوو لەوێوە "هەلاڵە" بۆ یەکەم جار ماچ دەکرێت هەرچەند پێشتر داوای ماچی لێ کراوە، بەلام ئەو کات بە حەرامی زانیوە، بەلام ئێستا خۆی داوا دەکات ماچ بکرێت، چونکە ئێستا "هەلاڵە" عاشقە و خەون دەبینێت. هەروەک سروشتی ژیان وایە چەندان بەکرۆکە سەرهەڵدەدەن و دەیان تۆمەتیان بۆ دروست دەکەن هەندێک دەڵێن لەسەر تەختە بەردی گوێی حەوزەکە بە رووتی گرتوویانن یەکێکی تر بە هەناسەسوارییەوە هەواڵ دەدات دەڵێ «دوو کەس لە بن گابەردێکی ئەو بەرزاییە خەریکن بە بێسیم پێوەندی بە دوژمنەوە دەگرن» لێرەوە سەرەتای دابڕانیان دەبێت بۆ هەتا هەتایە. بۆیە بەهەر شێوەیەک بێت هەوڵ دەدەن برایمۆک دوور بخەنەوە کە سەرەنجام برایمۆک دەبێتە قوربانی و کۆچی دوایی دەکات. "هەلاڵە"ش بۆ هەتا هەتایە ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە کە غەدرێکی گەورەی لێ کراوە. تەنانەت بۆ شێرزادی هاوسەریشی کە مامۆستا سەعید پێی وابوو ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە بووەتە هۆی ئەوەی گومانی لا دروست بێت.

لەم رۆمانەدا عەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئافرەت تەنانەت دوای تەلاق و جیابوونەوەش لەم کولتوورە بەمۆڵکی پیاو دادەنرێت. کولتوورێک تا سەر ئێسقان رۆچووەتە ناو ناخی تاکی کورد و ژیانی لێ تاریک کردووە سەرچاوەی هەموو دەردەسەرییەکە بۆ ئافرەت، ئافرەت بە هۆی ئەوەوە قوربانی یەکەمە. خەنجەرێک وەکو دیارییەک لەلایەن "حەمەرەشید ئاغا"وە پێشکێش بە شێرزاد دەکرێ، ئەمەش مانای گواستنەوەی کولتوور و دەسەلات دەگەیەنێ لە باوکەوە بۆ کوڕ، لە پێشینانەوە بۆ نەوەی تازە بۆیە هەردەم دەیگوت: «ئەمە دیاری پێشینانە دیاری مێژوو بۆ پیاوێکی خەباتکار» هەر بەم دیارییە "هەلاڵە" دەکرێت بە قوربانی لەلایەن کەسێکی عەقڵییەت پیاوسالارانەوە.